سەدر: مادورۆ بەدەستی زۆردار کووت و چارەنووسی گەندەکارانی دیکەش هەروا دەبێت



موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕەوتی نیشتمانی شیعە، لەبارەی دەستگیرکردنی مادورۆ پەیامێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، "ئێوەی لە کاراکاس لەسەر دەستی ترەمپ ڕوویدا، پەیامێکی ڕوونە."

ڕێبەری ڕەوتی نیشتمانی شیعە لە پەیامەکەیدا دەڵێت، "ئێوەی لە کاراکاس لەسەر دەستی ترەمپ ڕوویدا، پەیامێکی ڕوونە سەبارەت بە بێجیهانیبوون کە ئامانجی ستەمکارانی جیهان بووە و هەرواش دەمێنێتەوە."

ئەم شەممە، دۆناڵد ترەمپ، سەرکۆماری ئەمریکا ڕایگەیاند، هێزە تایبەتەکانی وڵاتەکەی توانیویانە نیکۆلاس مادورۆ و هاوژینەکەی لە کاراکاس دەستگیر بکەن و بیانبەنە دەرەوەی وڵات.

موقتەدا سەدر، ڕووداوەکە بە پەیامێک بە هەموو دژبەران و نەیارانی سیاسەتەکانی ئەمریکا وەسف دەکات و دەڵێت، "ئێو پرسەی دەستگیرکردنی ترەمپ کردوویەتی، ڕێنگە پشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان بێت."

سەدر پەیامەکەی ئاراستەی ڕەکخراوە نەودەوڵەتییەکانیش دەکات و دەڵێت، "ئەم پەیامەکە بە هەموو ڕەکخراو و یاسا نەودەوڵەتییەکان، لەوانەش ئەنجوومەنی ئاسایش، نەتەوە یەکگرتووەکان، دادگای نەودەوڵەتی، مافەکانی مرۆڤ و هەموو ئەوانی دیکە."

موقتەدا سەدر ڕاشیگەیاند، ئێگەر ئەمە، ڕووخانی مادورۆ و دەستاتەکەی لەسەر دەستی ستەمکارێک بێت، "ستەمکار شمشێری منە، تەنەی پێ دەکەموە و تەنەی لێ دەکەموە، ئەوا ڕووخانی ستەمکاران و گەندەڵکارانیش بە هەمان شێوە یان بە ڕێگەی دیکە دەبێت کە جگە لە خودا کەس نایزانێت."

لە کۆتایی پەیامەکەیدا، ڕەبەری ڕەوتی سەدر نووسیویەتی، " خودایە، ستەمکاران بە ستەمکارانەوە سەرقاڵ بکە و ئەمەش لە نەوانیاندا بە سەلامەتی دەرباز بکە. خودایە، وامان لێ بکە لەو چاکانە بین کە نیشتمانمانیان خۆشدەوێت و لە نەوان ئەمە و گەلی ستەمکار و گەندەڵکار و پاشکەکاندا جیاکەرەوە بە، ئەوانەی لە زەویدا ستەم و تیرۆر و سەربەینیان بەاوکردەوە"